# بڕیارەکانی پەرلەمان و داخوازی گەل

کاوە ئەمین

یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیستەمی دیموکراتی هەر وڵاتێک، هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکە بۆ ناو پەرلەمانی ئەو وڵاتە. ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن، ئەگەر ئەو ئەندامانە لە هەڵبژاردنێکی ئاشکرادا لەلایەنی خەڵکی ئەو وڵاتەوە هەڵبژێردرابن بەبێ خۆتێهەڵقورتاندنی سوپا و سەرۆکی ئەو وڵاتە. چونکە لە زۆر وڵاتدا هەڵبژاردن دەکرێت بەڵام پەرلەمان وەکو کارتۆنێکی بەتاڵ وایە و تەنها بڕیاری دیکتاتۆرەکان جێبەجێ دەکەن و هیچی تر. هەربۆیە زۆر پەرلەمانتار لەلایەن دەسەڵاتی سوپای ئەو وڵاتانەوە ڕاپێچی زیندان دەکرێن تەنها لەبەر ئەوەی پێشنیاری بڕیارێک، یانیش دەنگیان بۆ بڕیارێک داوە کە بەدڵی دەسەڵاتی سەربازی یاخود سەرۆکی تاقانەی ئەو وڵاتە نەبوو بێت.



گەلی کورد بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆن و نوێیدا لە ساڵی ١٩٩٢ لە باشووری کوردستان چوونە سەر سندوقی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان. ئەوەی کەمن مەبەستمە چەند پەیڤێکی لەسەر بنووسم ئەو پێشنیارانەی پەرلەمانی کوردستان بوو کە لەم هەفتەیەدا گفتووگۆی لەسەر دەکرێت و دەبنە بڕیار.

دوو خاڵی زۆر گرنگ هەن کە دەیان ساڵە خەڵکانی وڵاتپارێز و کەسوکار ئەنفالکرا و نەتەوەیی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گازاندە و گلەییان لێ کردووە و داوای چارەسەریان بۆ کردووە، کە ئیمڕۆ هاتوونەتە ناو ڕۆژەڤی پەرلەمانی کوردستانەوە. ئەوانیش داواکردنی چوونە دەرەوەی هێزی (PMF) ی تورکی لە کوردستان و دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو کوردانەی کە بەعسی بوون و لە پرۆسەی بەعەرەب کردن و ئەنفال و جینۆسایدی کورد دا بەشداریان کردووە. لەڕاستیدا کورد نەدەبوو کارێکی وای بکردایە کە "پێویستی" بە هێزێکی وەکو PMF بوایە، ئێستاش کە بەخۆشحالیەوە ئاشتی لە کوردستاندا بەرقەرارە و نەک شەڕی کورد کوژیی بەڵکو ڕژێمی بەعسیش گۆڕبەگۆڕ کراوە، کەواتە دەبێت بەیەک دەنگ داوای چوونە دەرەوەی هەرچی زووتری ئەو هێزە بکرێت.

دووەم کێشەی بەعسیە کوردەکانە. دەبێت پەرلەمان بڕیار بدات بۆ یاسایەکی تایبەتی بۆئەوەی ئەو بەعسیانە دادگای بکرێن بەتایبەتی زەمینەی گونجاو بۆ کەسوکاری قوربانیەکان دابین بکرێت بۆ ئەوەی بە ئاشکرا بتوانن دەعوا لە سەر ئەو تاوانبارانە تۆمار بکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خەڵکیان کوشتووە یاخود خەڵکیان بە گرت داوە و بوونەتە هۆی لەناوچوون و بێ سەرووشوێن کردنی ئەو خەڵکە. ئەو مەحکەمە تایبەتیە بێ لایەنەی کە پەرلەمان بڕیاری بۆ بدات نابێت هیچ پارت و ڕێکخراوێکی سیاسی و ئەهلی و عەشایەری دەست بخانە ناو کاروباریانەوە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە گەلێکەوە هەیە و دەتوانرێت بکرێتە بناخەیەکی پتەو بۆ سەرووەرێتی نەتەوەی کورد و ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان.

چاکتر وایە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان دەرگا بخنە سەرپشت تا خەڵک بە ئازادی ڕا و بۆچونەکانی خۆیان لەمەڕ بەعسیەکان بە گەورە و بچووکیانەوە دەربڕن. گەلی کورد وەکو گەلێکی خاوەن شارستانی کە لەسەرەتای پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی و مەدەنی پێشکەوتنخوازدایە مافی ئەوەی هەیە کە بە ئازادی و پشودرێژییەوە بڕیار لەسەر ئەو ڕواداوانە بدات کە پەیوەندیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی کوردەوە هەیە، ئەویش بە ڕێگایەکی عادیلانە کە لەسەر بنەمای تۆڵەسەندنەوە نەبێت بەڵکو یاسا سەرووەر بێت و لەهەموو کەس گەورەتر بێت. وەکو تاقیکردنەوەیەک بۆ کورد خۆیی و دنیایی دەرەوەش دەبێت پەرلەمان و

دەوڵەت و ڕێکخراوە مەدەنیەکان لە هامەهانگیەکی نەتەوەیدا، بەرەو کوردستانێکی ئاوەدان و یەکسان هەنگاوبنێن. بەهیوای ڕۆژێکی وا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت